# ستایشی ئایینی وەک بەشێک لە هونەری گۆرانی



فەرهەنگ غەفوور

سروودی ئایینی ئەو هونەرەی گۆرانییە کە لە سەردەمێکی زۆر زوودا، هەر لە کاتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە ژیاندا بووە، سروودی ئایینی لە مەدح و پەسنی خودای گەورە و بەدیهێنەرەکانی، لە مەدح و پەسنی پێغەمبەران و ئایین و بەخشندەیی و کردەوە چاکەکان، بە دەنگ و ئاوازێکی ئارام و زەلاڵ گوتراونەتەوە و چوونەتە دڵ و گوێچکە و هەستی مرۆڤەکان.
ئەم سروودانەی ئایینی لە هەموو رۆژگارێکدا گوتراون و لایەنگر و گوێگر و هەواداری زۆریشیان هەبووە و هەیە. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا، وێڕای ئەو هەموو شەڕ و ئاژاوەی لە بەشێکی گۆی زەویدا هەیە و لە بەشەکەی دیکەدا سەرەڕای ژیانی ئارام، کەچی لە هەردوو بەشەکەی جیهاندا مرۆڤەکان پێویستیان بە گەشەی رۆحی و ئارامیی رۆحییەوە هەیە، کە ئەویش نزیکبوونەوەیە لە خودای پەروەردگار، سروودی ئایینیش رێبازێك و شێوازێکە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لەم جیهانە رۆحییە.
ئەگەرچی ئێستا وا هەست دەکەین ئەم سروودانە لە بۆنە و یاد و مانگە ئایینییەکان و جەژنە ئایینییەکان تۆمار و پەخش دەکرێن، بەڵام راست ئەوەیە کە وەك هەر گۆرانی و موزیکێکی دیکە، لە هەموو کات و ساتێکدا تۆمار و پەخش بکرێن، چونکە ئەمە تێکەڵاوی کولتووری ئێمەی کۆمەڵگەی کوردی و موسڵمانە و بووەتە بەشێك لەو کولتوورەی رۆژانە بەرجەستەی دەکەین، بۆیە هیچ جێی سەرسامی نییە کە سروودی ئایینی وەك بەشێك لە هونەری گۆرانی، رۆژانە هاوکات لەگەڵ ئاواز و گۆرانی دیکەی چ شۆشگێڕی و بەرگری، یان ئەوینی پەخش بکرێ و بگەیەنرێتە گوێی هەوادارانی.
کەم نین ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشانەی لەسەر ئاستی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا ناو و ناوبانگیان لە گوتنەوەی سروودی ئایینیدا هەیە، هونەرمەندی گەورەی وەك ئەنوەر قەرەداغی رچەشکێن و پێشەنگی گوتنەوەی ئەو سروودە ئایینییانەیە لەناو کورددا، هەروەها بەندە چەند ساڵ پێش ئێستا سروودی ئایینیم تۆمار و بڵاو کردۆتەوە، هونەرمەندانی دیکەی وەك هاوتا ئەسعەد و زانا جەبەلی و محەمەد سەڵاحەدین و گۆران ساڵح و کەژێ هاوتا و .. تد، زۆر هونەرمەند و



دەنگخۆشی کورد لەم بوارەدا خزمەتیان کردووە و بەرهەمێك یان چەند بەرهەمێکیان بۆ ستایش و پەسنی خودا و پێغەمبەر و ئایینی ئیسلام بڵاو کردووەتەوە. لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیشدا، هونەرمەندانی وەك ماهیر زەین و سامی یوسف و مستەفا جیجلی و مەسعود کەرتس و هاریس جەی و . دەیان هونەرمەندی دیکەی ناودار بە سروودێك یان چەند سروودێك ستایشی پیرۆزییەکان و سرووتە ئایینییەکان کردووە و دەنگیان گەیشتووەتە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی بە کوردستانی خۆشمانەوە.

ئەم هونەرە کە کە بریتییە لە ستایشی خوا و تەهلیل و تەسبیح و مەدح و سەنای پێغەمبەران و ئەولیا و چاکەکاران، زۆر لە رۆح و هەستی مرۆڤی ئیماندارەوە نزیکە و دڵ و دەروونی بەو هەست و دەنگ و پەیڤە پاراوانە ئارام و ئاسوودە دەکات، چونکە رۆح و دڵی مرۆڤی ماندوو و خەفەتباری ئەمڕۆ لەناو ئەو هەموو کێشمەکێش و گرفت و شەڕ و یەکترسڕینەوەیەدا، لە هەموو شتێك زیاتر پێویستی نزیکبوونەوە لە خودا و بە زیکر و ستایشی خودای گەورە و پەیڕەوکارانی ئاسوودە و ئارام دەبێ.

ئەوەی زۆر گرنگە سەبارەت بە ئێمەی هزنەرمەندی کورد ئەوەیە کە لە دەستنیشانکردنی ئەو سروودانە زۆر ئاگادار بین کە ئەو دەقانە هەڵبژێرین کە مرۆڤ لە خودا نزیك دەکەنە و برایەتی و یەکترقبوڵکردن و پێکەوەژیان لەناو مرۆڤەکان قووڵتر دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەم هونەرە ببێتە رێچکەیەك کە مرۆڤ بەهۆیەوە بگات بە ئاسوودەیی رۆحی و دەروونی و دوور بکەوێتەوە لە هەموو شەڕانگێزی و کوشتار و یەکتر رەشکردنەوەیەك. نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەو دەقانە بکرێنە سروودی ئایینی کە بۆنی دووبەرەکی و لێکترازانیان لێ دێت، چونکە لە بنەڕەتدا مەبەست لە سرووتە ئایینییەکان بۆ ئاسوودەیی و لەیەکتر نزیکبوونەوەی خەڵك - خودا و خەڵك - خەڵکە، نەك بەپێچەوانەوە، هەروەها ئەو سرووده ئایینییانە کاریگەریی زۆریان بەسەر هەستەوەری مرۆڤەکانەوە هەیە، بۆیە سروودی ئەرێنی کاریگەریی ئەرێنی دەبێ و بەپێچەوانەشەوە کاریگەرییەکە بەسەر تاك و کۆمەڵگە بە نەرێنی دەشکێتەوە.



# سۆنام باسی مانگی هەنگوینیی خۆی دەکات

دوای ماوەیەکی کورت لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەناندا ئەهۆجا کە بیزنسمان و هاوڕێی پێشووتری بووە، خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد سۆنام کاپۆر بەشداریی لە دوایین فیستیگاڵی سینەمایی (کان)دا کرد، بەو پێیەی فەیسی ریکلامی کۆمپانیای لۆریالی فەرەنسییە بۆ کەرەستەکانی جوانکاریی ئافرەتان.

لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە یەکەم جارە دوای چوونە نێو قەفەسی زێڕینەوە بەشداریی تێدا بکات، سۆنام باسی چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی کرد لەوانەش مانگی هەنگوینی و گوتی: بۆ من مانگی هەنگوینی زۆر گرنگ نییە وەك خەڵکانێك باسی دەکەن، پێموایە مانگی هەنگوینی دەبێ ئەو کاتە ساز بکرێت کە هەردوو لا زۆر بە باشی یەکتری بناسن و شارەزای یەکتری بن لە زۆر رووەوە، چونکە ئەو کات دەتوانن لە مانگی هەنگوینیدا کاتێکی زۆر خۆش بەسەر بەرن.

سۆنام هەروەها دەڵێت: من و ئەناندا ماوەیەکی زۆرە یەکتری دەناسین، پێویستە کاتێکی زۆرتر بۆ مانگی هەنگوینی تەرخان بکەن، ئەمەش بە هۆی کەمی کاتەوە بۆ ئێمە زۆر زەحمەتە لە ئێستادا ئەو کارە ئەنجام بدەین، بەڵام هەر کاتێك دەرفەتمان هەبێت ئەوا مانگی هەنگوینی بەشێوەیەکی جیاواز و سەرنجڕاکێش ئەنجامی دەدەین و هەر لە ئێستاوە پلان دادەنێین بۆ ئەوەی ناوازە دەگمەن بێت.

دوای تەواوبوونی فیستیڤاڵی کانی سینەمایی، سۆنام دەستی کردووە بە پڕوپاگەندە بۆ فیلمە نوێیەکەی کە بەناوی (فیردی ویدنج) کە لە پاڵ خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد کارینا کاپور بەشداریی تێدا دەکات.



# نەشتەرگەری جوانکاری مریەم ئوزیرلی ناشیرین کردووە

مریم ئوزرلی خانمە ئەکتەری تورکی ناسراو بە سوڵتانە هویام لە زنجیرە درامای تورکی (حریم السلگان) یەکێك بوو لە میوانەکانی فیستیڤاڵی (کان) ی سینەمایی لە خولی ٧١ یدا، بەڵام لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنیدا هەوادارنی خۆی نیگەران و بێزار کرد ئەمەش بە هۆی کاریگەریی نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری لەسەر روخساری، چونکە شوێنی دەرزییەکان و لێوە گەورەکانییەوە سەرنجی هەموو لایەك راکێشا.
مریەمیش لەلای خۆیەوە ژمارەیەك وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ئەستێرە سینەمایی جیهانی بڵاوکردەوە کە لە میانەی فیستیڤاڵی (کان) چاوی پێیان کەوتبوو، بەڵام وەك خۆی دەڵێ نزیکترین و گرنگترینیان ئەو وێنەیە بووە کە لەگەڵ ئینریکی ئەگلیساسی ئەستێرەی ناسراوی ئیسپانی گرتوویەتی، لە کۆتایی ئاهەنگێکیش کە ئینریکی سازی کردبوو، لەبەردەم هەزاران هەواداری خۆی لەسەر شانۆ ماچی کرد.
هەوادارانی مریەم دەربارەی شێوەی ئێستای روخساری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێزاری خۆیان دەربڕی و پێیانوایە کە جوانییە سروشتییەکەی خۆی لە دەستداوە بە هۆی بۆتۆکس، ئەمەش وایکردووە کە بە تەمەن گەورەتر دەربکەوێت و هەندێکی تریان دوو وێنە مریەمیان بڵاو کردبۆوە، یەکیان پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری، ئەویتریش دوای نەشتەرگەری بۆ ئەوەی جیاوازییەکەی نێوانیان بە باشی دەربکەوێت.
بەر لە مریەم، خانمە ئەکتەری تورکی (نۆرگول ئەشلیشای) ئەویش نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجام دابوو، بەڵام ئەنجامەکانی نەرێنی بوون، مریەم بە راشکاوانە رایگەیاند کەوا هیچ کاتێك پەشیمان نییە لەو کارە و ئەگەر پێویستە بکات ئەوا بێ دوودڵی ئەنجامی دەدات.





# ئەدیل بەشداری لە فیملێکی نوێدا دەکات

خانمە ئەستێرەی بەریتانی و جیهان ئەدیل خۆی ئامادە دەکات بۆ قۆناغێکی نوێی ژیانی هونەرییەوە ئەویش بواری نواندنە، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە هەندێك دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر باش بزانن کەوا ئەدیل نەك تەنیا لە بواری گۆرانی وتندا سەرکەوتوو نییە، بەڵکو دەتوانێت لە نواندیشدا سەرکەوتوو دەبێت.
بڕیار وایە ئەدیل بەشداری بکات لە فیبمی (ئۆلیڤەر تویست) کە سیناریۆکەی لە رۆمانێکی نووسەری ناسراوی جیهانی چارلز دیکنز وەرگیراوە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٧، لەم فیلمەدا ئەدیل رۆڵی نانسی دەبینێت. لەم بارەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە کۆمپانیای دیزنی بە رۆژنامەی سەنی بەریتانی راگەیاند: مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەیلدا ناکرێت، چونکە بەرهەمهێنەرەکە دەیەوێ کەسانی گونجاو بێنە ناو فیلمەکە، هەروەها فیلمەکە رووبەڕووی چەندین گرفت بۆتەوە و ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن ئەوان ناتوانن لە کارەکانی وێنەگرتنی فیلمەکە بەردەوام بن.
فیلمەکە باس لە کوڕێکی بێ دایك و باوك دەکات بە ناوی (ئۆلیڤەر تویست)، لەسەر شەقامەکانی کەسێك دەناسێت بە ناوی (دودجر) کە لە نێو شەقامەکاندا خەریکی دزی و رووتانەوەی خەڵکە دواتر پەیوەندیی دەکات بە خانەوادەیەك کە چەند کوڕێك پێکهاتووە ومەشقیان وەرگرتووە سەبارەت بە دزین. دواتر چاوی نە نانسی دەکەوێ ئەمەی لەم رێگایەدا کە وای لێدەکات دەست لەم کارە خراپانە رزگاری دەکات و یارمەتیشی دەدات.

## تارا خەلیل:

# شێوەکاری پانتایی فۆرمەکانی بەزاندووە و تێکەڵ بە جووڵەی خەڵک بووە

**خاتوو تارا خەلیل یەکێکە لە شێوەکارەکانی شاری کەرکووک کە خاوەن دید و رۆئیایەکی تایبەت بە خۆیەتی، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی هونەری بەغدایە و ئێستا مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکووك و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانە لقی کەرکووك، تا ئێستا چەندین پیشانگای تایبەت و هاوبەشی کردۆتەوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** ئاشکرا گوتن، یا شاردنەوە لەگەڵ خەسڵەتی هونەرمەندی شیوەکار دەگونجێ؟**

- کۆمەڵێ خەسڵەت هەیە لە هونەرمەند کە دیارو روونن و پێوەی رفتار دەکەن، وەك ئاشکرا گوتن یا ئاشکرا دەربڕین، گەر بە گوێش نەبێ، ئەوا هونەرەکەی زمانی رۆحی بو ئەو پێی درکاندووە، ئەم بە ئاشکرا دەربڕینەش پەیوەستە بەو خەسڵەتە یاخییەی کە زورێك لە هونەرمەندان پێی ناسراون، ئەوان کەسانی یاخین لەو هەڵانەی کە کەسانی تر پێی قایلن، ناتوانن درۆ لەگەڵ هەست و سۆزی خویان بکەن، تابلۆکانیان ئامرازی راستگۆیی ئەوانە و بە زمانی رەنگ و هێڵ بە ئاشکرا هەستی ناخیان دەدرکێنن و دەریدەبڕن، ناتوانن پیاهەڵدان و موجامەلەی بەرژەوندی بکەن و لەگەڵ درۆ و هەڵەکان بگوزەرێن، بەمەش زور جار کێشەیان بۆ دروست بووە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و--- هتد لەلایەن بەرژەوەندیخوازانەوە.

شێوەکار کەسێکی شەفاف و پڕ سۆزە، هەستە بەرزەکەی وا دەکا، ئاشکراتر بێ لە دەربڕینی رەخنەکانی، هەمیشە





رووداو و کێشەکان زیاتر هەستی دەبزوێنن و دەبنە بیرۆکە و بابەتی پڕۆژە لای ئەو، دواتریش بەپێی شێوازی خۆی دادەڕژێتە سەر تابلۆکەی و گوزارشتی لێدەکا. ئەگەر لە تابلۆ جیهانییەکان بڕوانین ئەم جۆرە شێوازەو دەربڕینی زیاتر لە ڕێبازە ڕۆمانتیکی و واقیعییەکان بەدی دەکرێ کە زیاتر دەربڕینی هەستی ئەو هونەرمەندییە و ڕۆئیا و بینینی بۆ ئەو بابەتە، یان ئەو دیمەنەی کە بۆتە بابەت لەلای ئەو، بۆ نموونە ئەگەر ئاوڕێك لە شاکارەکانی هونەرمەندی فەرەنسی (ژان فرانسوا میلیە) بدەینەوە کە ڕاستەوخو هاتنە نێو گوندنشینان و کێڵگەکان کە وێنەی خەڵکی جووتیار و شوان و ژنانی ماندووی زەحمەتکێشی دەکێشا، بەو هەستەی کە هونەرمەند خۆی جووتیارێك بوو لە کێڵگە کاری دەکرد، بۆیە زۆر لێهاتوو بوو لە دەربڕینی شێوە و ڕوخساری ماندووی کەسەکان و قورسیی ئەو ژیانەی کە دەیگوزەرێنن. لە دیمەنەکاندا هونەرمەند زۆر بە ڕوونی لە هەستی خۆی دواوە و بە ئاشکرا ئەو هەستەی دەربڕیوە. ئەگەر شێوەکاریش هەندێك جار بە شێوەیەکی ڕەمزی یان هێمایی گوزارشتی لە کارێك کردبێ، ئەوا دیسان توانیویەتی ئەو پەیامە بگەیەنێ کە مەبەستیەتی.

**● ئایا دەکرێ شیوەکار بانگەوازێك بێ دژ بە ڕواڵەتەکانی چەوتی و لادان لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا؟**

- هۆکارەکانی درووستبوونی هونەری نوێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو گەندەڵییەی کە لە پاشکۆی جەنگی یەکەمی جیهاندا دروست ببوو لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، وەك گەندەڵیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و --- هتد- ئەمە وایکرد، کۆمەڵێك هونەرمەند و ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەوان لە قاوەخانەیەکی وڵاتی نەمسا کۆببنەوە و شۆڕشێکی هونەری، ئەدەبی، فیکری بەرپا بکەن، دژی ئەو هەموو کێشە کەڵەکەبووەی دوای جەنگ. لێرەوە هونەر ڕۆڵێکی باڵای گێڕا لەو بوارەوە، ئیتر شێوەکار سنوورەکانی هونەری شێوەکاریی شکاند و زیاتر ئازاد بوو لە کارکردن و لە تەکنیك و لە شێواز-- تابلۆکان ئیتر تایبەت نەبوون بە باڵەخانە و کڵێسا و کۆشکە بەرزەکانن کە سەرمایەداران بە پارەیەکی زور بیانکڕن. هونەرهاتە نێو کۆمەڵگەو تێکەڵ بە ئازار و کێشە و نەهامەتییەکان بوو، لە هەمانکاتدا هەنگاوەکانی خێراتر کرد لەگەڵ ڕەوتە خێرایەکەی پێشکەوتن و شۆڕشی پیشەسازی و تێکەڵبوونی تەکنەلۆژیا لە هەموو گۆشەیەکی ژیانی ڕۆژانەدا. لێرە هونەر بووە بەشێکی دانەبڕاو لە بزاوتی ڕەخنە و نارەزایی و نیشاندانی کێشەکان و زمانێك بوو بۆ دەربڕین و گۆڕانکاری بەرەو ژیانێکی جیاواز.

لەگەڵ ئەو تازەگەرییەی ئەمڕۆی دنیای هونەری هاوچەرخ کە بوارەکەی گرتۆتەوە، شێوەکاری پانتایی فۆرمەکانی بەزاندووە و تێکەڵ بە جووڵەی خەڵکەکە بووە. واتە شێوەکار هەندێ جار بیرۆکەکەی بە کێشانی تابلۆیەك ئەنجام نادا، بەڵکو بە دەربڕینی جووڵەیەك، یان نمایشێك، یاخود دروستکردنی دیاردەیەك لە دەرەوەی فۆرمی تابلۆکە وەك شێوازی کارکردنی بە ناو (پیرفورمانس) کە شێوازێکی ئادابیە گوزارشت لە بابەتێك دەکا، کە شێوەکار دەیەوێ بە نمایشێك، یان دیاردەیەك ئەو پەیامە بگەیەنێ، ئەمەش دەبەستیتەوە بە باکگراوەندە فەلسەفییەکەی خودی هونەرمەند، ئیتر جۆر و شێوازی کارەکە چۆن دروست دەکا، و چۆن دەیگەیەنێ.

**● ئایا هونەری شێوەکاری دەتوانێت کاریگەری ئەو ژینگەیەی سرووشت و ژینگە مرۆییە تێپەڕێنێت کە تێیدا دروست دەبێت؟**

- جیهانگیریی ئەمڕۆ و نزیکبوونەوەی کەلتوورەکان و تێکەڵبوونیان بە تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندی و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر هونەری شێوەکاری و هونەرمەندانی شێوەکار، بەڵام ئەمە واناکات کە هونەرمەند بە تەواوی جودا بکاتەوە لەو ژینگە سرووشتی و مرۆییەکەی کە تێیدا دروست بووە، چونکە ئەو ژینگەیە لە سەرەتاوە تەکوینی هەست و فیکر و ڕۆحی ئەو بووە و سەرچاوەی ئلیهامی بووە و بیرۆکەکانی لەوێوە هەڵقوڵاون، بوونی ژینگە بە پێکهاتە سرووشتی و مرۆیی و جوگرافییەکەی بنەمایەك بووە بۆ جیاوازی.

